نوێنەرانی فەرەنسا و بریتانیا لە ئینجومەنی ئاسایش سەرکۆنەی هێرشەکەی ئێران بە سەر ئیسرائیل دەکەن

نوێنەری فەرەنسا، لە ئینجوومەنی ئاسایشی نەودەوڵەتی رایگەیاند، سەرکۆنەی هێرشەکەی ئێران بە سەر ئیسرائیل دەکەین و، ئەم هێرشە هێشتا هەڕەشەیەکی جدییە بە سەر ئاسایشی نەودەوڵەتی.

هاوکات ئاماژەی بۆدا، ئێران هێشتا هەڕەشەیەکی نوێی دروستکردوە بە ئەوەی ناوچەکە سەرقامگیر نەبێت، بەیە داوا لە ئێران دەکەین ئەو هێشانە کۆتایی پێبهێنێت، ئەمە پشتگیری لە ئیسرائیل دەکەین کە توانیان خۆکی مەدەنی بپارێزن.

نوێنەری فەرەنسا، گوتیشی: فەرەنسا ئامادەی چارەسەرە بە قەیرانەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بە ئەوەی کۆتایی بە گرژی و ئاڵوگۆڕەکان بهێندرێت.

سەرنجی بە ئەوەش راکێشا، هەوڵی ئازادکردنی بارمتەکانیش دەدەین لە غەززە، هەروەها هەرشی 7ـی ئەکتۆبەری ساڵی رابردوو بووە هۆکاری رووودانی جەنگ لە غەززە.

نوێنەری بریتانیا لە ئینجوومەنی ئاسایشی نەودەوڵەتی گوتی: بریتانیا بە توندرین شێوە سەرکۆنەی هەرشەکانی ئێراندەکات بە سەر ئیسرائیل دەکات، ئەم کارەی ئێران مەترسییەکای زۆر گەورە دروست دەکات بە سەر ئاسایشی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست.

هاوکات دەشێت: بریتانیا چەندین ساڵە ئاماژە بۆە دەکات ئێران رۆڵی هەیە لە خستنەوە ناسەقامگیری

لە ناوچەکە لە ڕەگەی پشتیوانیکردنی لە گرووپە چەکدارەکانەوە.

نوێنەری بەریتانیا، جەختی لەوەش کردەوە، بەریتانیا بەردەوام دەبێت لە پشتیوانیکردنی ئاسایشی ئیسرائیل و، گوتیشی: پشتیوانی لە هاوپەیمانەکانمان دەکەین بە ڕەگریکردن لە هەڕەشەکانی ئێران.